# هۆنراوە

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن

## وڕچە

دوێنێ مام وڕچم بینی
دڵخۆش بوو، پێدەکەنی
هەنگوینێ کوردیی پێبوو
بەرەو ماڵەوە ئەچوو
وتم وڕچە گیان بەشم
وتی لاچۆ نایبەخشم
شەوێ هەمووی خواردبوو
تووشی ژانەسك بیوو
ئەڵێن زۆر پەرێشانە
کەوتووە لە نەخۆشخانە
بەڵام من وەك ئەو ناکەم
ئەچم سەردانی ئەکەم
چەپکێ گوڵی رازاوەم
پێیە پێشکەشی ئەکەم



ئاکۆ محەمەد سابیر / سوید

## خوێندکارم

ماڵمان دوورە ئامانە
زوو وەرە درەنگمانە
بمبە بۆ قوتابخانە
نەك دواکەوم لە وانە
منی خرپن و مناڵ
هەر کە گەڕامەوە ماڵ
راهێنان و وانەی خۆش
بەجێ دێنم زۆر بەجۆش
دەچمە یاریی و دێمەوە
هەندێ دەحەسێمەوە
شەو درەنگ بوو دەخەوم
هەتا زوو بە خۆکەوم
بەیانی پێش خۆرەتاو
بەرەو لانە ئێم هەنگاو



خالید شەیدا / ئەڵمانیا



## پرسیار

کە جارجارێ هۆشم ئەڕوا
پرسیاری زۆر ئەمهەژێنێ
ئەڵێم کێ بێ وا ئێواران
ئەستێرە دائەگیرسێنێ؟
مانگ بە رۆژ ماڵی لە کوێیە؟
وا بە شەوان خۆی ئەنوێنێ
سەرچاوەی ( با ) لە کوێوە دێ
باخچەکەمان رادەژێنێ؟
خۆر ئەوگەرمایەی لەکوێ بوو
وا خەریکە ئەمسوتێنێ
یا چۆلەکە بەیانیان زوو
ئەبێ بۆچی بجریوێنێ؟
ئنجا ئەڵێم ژیر ئەوەیە
وەڵامی ئەم پرسیارانە
لە گۆڤارو ئامیلکەکان بەدەستدێنێ



ئەمین محەمەد